# ترۆر كارێكی جنایەتكارانەیە

ئەحمەد دەشتی

ترۆركردن لە هەر شوێن و هەركەس و لایەنێ كە ئەنجامی بدات تاوانێكی زۆر گەورەی دژ بە مرۆڤایەتیە و هیچ مرۆڤێك و هەست و بیرو باوەڕو ئاینێكییش لە گەل كاری ترۆریستانەنیە،ترۆر كردنی كەسایەیتیەكی وەك ئایەتوللا حەكیم زیانێكی گەورە بوو بۆ تەواوی گەلی عێراق و چارە سەر كردنی كێشەكانی ئەمڕۆكەی عێراق بۆچونەكانی ئایەتوللاحەكیم بە شێوەیەكی ئاشتیانەو دلسۆزانە بە سودی گەلی كوردو عارەب و هەموو كەمە نەتەوایەتیەكان بوو، بە ئەنجام گەیاندنی كارە ترۆریستیەكانیش كەم دەسەلاتی ئەمەریكا لەو بارەوە دژ بە ترۆریستان نیشان دەدات، هەر لەو كاتەوەی كە سەدامی دكتاتۆر دەركراوەو ترۆ كراوە، لە عێراق دا بە تایبەتی لە باشوری عێراق تا ئەمڕۆكە هیچ ئارامی و ئاسایش نەهاتۆتەكایەوە و دیارە كە دەستی ترۆریستان و پیاو خەراپان لە عێراق دا درێژ تر بووەوە و رۆژێ نیە كە جنایەتێك ئەنجام نەدرێت و هێرێشێك نەكرێتە سەر شوێنێ جا چە بۆ سەر سەربازەكانی ئەمەریكایی یاخود كەسایەتییەكانی دژ بە دكاتاتۆرەكەی عێراق ، یاخود ئاژاوە نانەوەی دەرەكیەكان بۆ زیاتر گێڕانی دەستی فیتنەو فەساد و نا ئارامی و شەرو شۆڕ و پێك دادان لە ناو خاكی عێراق دا وەك ئاژاوەكەی توز خورماتو،ئەوەش كە دژ بە كورد لە لایەن داگیركەرانەوە پیادە كرابوو،بۆ سەر نەكەوتنی ئەمەریكا و بە تایبەتی دژ بەو هەلە پیرۆزەی كە بۆ گەلی كورد هاتۆتە كایەوە، كە ئەم كارانەش بۆ خودی دوژمنان و سەدامیانی خوێن رێژ زۆر دلخۆشكەرەیە كە ئاگر زیاتر خۆش دەكەن، ئەمەریكاش بە خۆی و ئەو هەموو زلهێزەیەوە دیارە كە تا ئێستا نەیتوانیوە كە بە شێوەیەكی بن بڕ كراو بەرامبەر جنایەتەكان هیچ كارێ ئەنجام بدات و كۆنترۆلی تەواو بگرێتە دەستەوە، وردە وردەش لە مەرزەكانەوە ترۆریستەعەرەبەكان و بێگانەكان ڕو دەكەنە سەر خاكی عێراق و جنایەتەكان و ئاژاوەكان دژ بە گەلی عێراق و لێدانی ئەمەریكیەكان بە ناوی گەلی عێراقەوە ئەنجام دەدەن، كە ئەمەش بە راشكاوی دەستی دەرەكی تێدایەو تەنانەت زۆر لە وەلاتانی عارەبیش نایانەوێ كە ئەم كارەی ئەمەریكا سەر بكەوێت و حەز لەو گێرمەو كێشانە دەكەن و هاندەری ئەو نالەبارێانەن كە ئەمڕۆكە لە عێراق دا روو دەداتن،من پێم وایە ئەگەر هەر بەو شێوەیە بڕوات ئەوا دەستی جنایەت و كوشت و كوشتار بۆ سەر گیانی گەلێ لە كەسایەتی و نیشتمانپەروەرانی ناو دار درێژ دەكرێت و بەو شێوەیە ساردیەی كە ئەمەریكا هەنگاوی بۆ داوێت ناتوانرێ كە بە زوویی عێراقێكی پر لە ئاسایش و ئارامی و دیموكراتی وەدی بێت و رۆژ لە دوای ڕۆژیش وەزعەكە بەرەو خراپترو نا ئارامی تر دەچێت و تا وای لێ دەكەن تەواوی خەلكی عیراق بە تایبەتی لە باشوری عیراق نەفرین لەم هەل و مەرجەی كە ئەمڕۆ لە ئارا دایە بكەن، ترۆریستەكان هەموو رۆژێ جنایەتێك دەكەن و هەرەشەو گوڕەشەش لە كەسایەتیەكانی كە هاوكاری ئەمەریكان بەتایبەتی لە گەل ئەوانەی كە دژ بە سەدامیان و ترۆریستەكان هەلس و كەوتیان كردوەو دەیكەن، ئەمرۆش دەبینین كە خەلكانێ هەن كە تا دوێنێ نقەیان لە گەل سەدامیان لی ناهات و ئەمرۆكە كە سەدامیان نەماون وا هەرەشەو گورەشەی خۆییا لە گەلی كوردیش دەكەن و شتی نارەوا بەرامبەر بە گەلی كورد دەلێن و یارمەتی دەستی ئاژاوە نانەوە دەدەن و دژ بە كورد نا بەجێ دەلێن و بەبێ هەست كردن بە

لێپرسینەوە پەلاماری کوردان دەدەن و  بە کافرمان ناو دەبەن ودەهۆل و زورنای دیرینەی عارەبە شۆڤێنیەکان دژ بە گەلی کورد لیٚ دەدەنەوە .

شتێکی ئاشکرایە کە دوژمنانی گەلی عێراق هەرچی بۆیان بلوێت هەرچەند خوێن رشتن و نائارمی و مال وێرانی تێدا بێت هەرگیز درێغی لیٚ ناکەن و ئەمەریکاش هەر دەلێی سواری پشتی کیسەل بوەو بەرەو چارە سەری کێشەکان دەڕوات،کە تا ئەمرۆ چی بەچی نەکردووەو نا ئارامی لە تەواوی عێراق دا بە تایبەتی لە باشور بەرەو خراپتر دەچێت،من پێم وایە تا ئەو بایە لەو کونەوە بێت و ئەمەریکا رەفتارەکانی وا بەو شێوە بێت ناتوانێت کە بە سەر ئەو هەموو گێرو گرفتانەوە زال بێت،بە تایبەتی لە باشوری عێراقەوە کە ئەمڕۆ هەمووی نا ئارامی و ناخۆشی تیادا وەدی دەکرێت،پێم وایە کە دەبیٚ ئەمەریکا بە زووترین کات کارە پێویستەکان وەك گێرانەوەی سولتەیەکی یاسایی کە لە خەلکی عێراقەوە بە زووترین کات پێك بێت و دەسەلاتی بە هەموو جۆرە هاوکاریەکی ئەوانەوە بۆچارە سەر کردنی تەواوی کێشەکانەوە هەبێت و دروست کردنی هێزێکی پتەو لە خودی خەلکی دلسۆزی دژ بە بەعسیەکان و پیاو خەراپان  بۆ لێدانی ئەو ترۆریستانەو کۆنە بەعسی و سیخورەکانی سەدامی لە تەواوی عێراق دا بکرێت و زۆر بە راشکاوانە تر هەگاو باوێن و جنایەتکاران لە بەر چاوی خەلك بە سزای خۆیان بگەیەنن و کون بە کون لە دوای بەعسیەکان و پیاو خەراپان بگەرێن و ئەمەریکاییەکان لە سەر پشتی کیسەل بێنە خوارەوەو زۆر بە تەواوی لە دوای سەدامە خوێن رێژەکەی بەغداوە بگەرێن و بە زووترین کات دەسگیری بکەن و زۆر بە توندی لە هەموو پاشماوەکەی سەدامیان بدەن و زۆر بە وردی کۆنترۆلی تەواوی مەرزەکان و هەموو شوێنیٚ لە لایەن دلسۆزانی عێراقیەوە ئەنجام بدرێت، هەرچی کە بەعسی بووە لە هەموو دەوائیرو شوێنیٚ دەر بکرێن و ترۆیان بکەن، تا وەکو ژیانی خەلکی عێراق دابینتر بکرێت و بەزوویی هەولی دانانی دەستورێکی هەمیشەیی لە بارو گونجاو بۆ عێراق بەبیٚ کەم و کوڕی دابین بکەن و جنایەتکارەکانی کە گیراون لە بەر چاوی جیهانیان و خەلکی عێراق بە سزای خۆیان بگەیەنن، پیم وایە کە ئەوکاتە دکارن  کاریٚ بکەن و ئەم وەزعە نالەبارەی ئێستا  زۆر بە باشی کۆنترۆل بکەن و دەستی ترۆریستان ببڕن.

من بەوپەری رێزەوە روو لە سەر کردایەتی کوردەوە دەکەم و دەلێم بۆ ئەوان باشترین شت ئەوەیە کە خۆیان لەو هەموو گێرمەو کێشەی هات و چۆ و روو لە بەغداکردن و ئەو عێراقەی کە عەرەبەکان بەخاکی ئومەی عارەبی دادەنێن دەست بەردبدەن و ئەوەندە روو لە بەغدا نەکەن و کوردستان بکەن بە رووگەی هەموو شتێکمان و با چیتر چاومان لە بەغداوە نەبێت بۆچارە سەری کێشەکانی کوردوکوردستان و ئەوەندە خۆمان بە بەغداوە ماندو نەکەین و لە ناو خاکی کوردستانەوە لە ناو مال و حالی خۆمانەوە مالی خۆمان رێکتر بخەین و زیاتر و باشترو لە بار تر وریا بین و گیانی یەکبوونی کوردو کوردستان پتەوتر بکەین و یەکتر بگرینەوەو ئەو هەلە پیرۆزەی ئەمڕۆ بۆ کورد وەسەر بخەین و هەروەك تا ئێستا کە کوردستان ئارامەو هەولی زیاتر پتەو کردنی ئاسایش و پاراستنی خۆمان بدەین و هەموو ئەوانەی کە لە وانەیە دەستی ترۆریستیانیان بۆ درێژ بکرێت وریا بن و وریا، با ئێمەش هەموو هەول و تەقەلایەکمان بۆ خەلکی خۆمان بێت و هەروەك خەلکانی ترو میللەتانی تر تەنیا بۆ خۆیانن ، ئێمەی کوردیش زۆر بە ڕاشکاوی و بە ڕاستی واز لە بەندو بالۆرە کۆنەکانی ڕابوردو بێنن و بە

تەواوی بۆ کوردستان یەکتر بگرین و خۆمان لە هیرشی ترۆریستان و پیاو خەراپان زۆر بە باشی بپارییزین کاری نەکەین کە ریسمان لیٚ بکەنەوە بە خوری،دەبیٚ ئەوەش چاك بزانین کە ئەگەر گیانی یەکتر گرتنیش پتەو نەکەین و هەر ئاوا بمێنینەوە پێم وایە زەنگی خەتەر بۆ هەموان لیٚ دەدات و دیسان نەهامەتی و کارەساتەکان دەگەڕێنەوە،دەبیٚ ئەمڕۆ هەموو کوردێکی دلسۆز چاوێکی بکا بە هەزار چاوو تاوەکو ئەم هەلە پیرۆزە لە دەست نەڕوات و هەموو هێرش و کارێکی ترۆریستانە دژ بە گەلی کورد پوچ بکەینەوە، ئەمڕۆ دەبیٚ سەرکردەکانمان لە ئەوەندە چوونە بەغدا بسەلمێنەوە و گەلیٚ وریای خۆیان بن و کار لە کار نەترازیٚ و هەمـــــوو بە یەکەوە بلێین ( کوردستان مالی کوردانە با لیٚ دەرکەون بێگانە) پیشم وایە کە دەبوایە خەلکانی تر ببان بە نوێرەانی سەرکردە کوردەکان بۆ ئەو مەجلسەی کە ئەمڕۆ کە فەرمان رەوایی عیراقیان لە ئەستۆ گرتووە باشتر بوو، ئەگەر سەر کردەکانمان وریا نەبن بەخوا لە ئاستی ئەم هەموو روداوانەی ئەم ڕۆژگارەتازانە نەبن،ئەوا زیانمان پیٚ دەگات و دەستی دوژمنانی کورد بۆ ئەوانیش درێژتر دەکرێت و ناشگەرێتەوە، کە شتێکی تالیش رووی دا پەشیمانی بیٚ سودە. کوشتنی باقر ئەلحەکیم و لە ناو بردنی ئەو کەسایەتیەی کە من پێم وایە لە بەر ئەوە بوو کە ئەو دژ بە خەراپکاری و نا ئارمی بوو،بۆیەش دەستی بۆ درێژ کرا،ئەمەش دیاردەی بیٚ دەسەلاتی ئەمەریکایە لە رووی ترۆریستانەوە کە تا ئێستا نەیانتوانیوە کەچارە سەری گەلیٚ لە کیشەکان بکەن و بە هاوکاریەکی تەواوەوە عێراق بە خەلکی دلسۆزی عێراق بسپێرنەوە و رژێمێکی دیموکراتیانەو پتەو لە عێراقدا بچەسپێنن.

هەتا ئەو کاتەش کە خودی خەلکی عێراق رژێمێکی دیموکراتیانەو پتەوو بە هێز لە سەر خاکی خۆی بەرێوە نەبات بە تەواوی عێراقێکی ئازاد و دیموکرات وەدی نێنن و دان بە هەموو مافە ڕواکانی خەلکی عێراق و چەسپاندنی فیدرالی بۆ کورد ئەوەی کە خودی کورد دەیەوێت نەندرێت و ئەوا دوژمنانی ئاسایش و ئارامی و داگیرکەرانی کوردستان سود لەم هەلە وەردەگرن و هاندەری ئەم ئاژاوەو ئەم کارە ترۆریستیانە دەبن و ئازارو ڕەنج و نەهامەتیەکان بۆ خەلکی دلسۆز دەگەڕێتەوە و هەر درێژەش دەکێشیٚ و دوژمنان دەستیان زیاتر دەڕوات و سود لەم کەلێنە گەورەیە وەردەگرن. دەبیٚ خەلکی کوردستانیش رۆژ لە دوای ڕۆژ بە تایبەتی ئەو دوو پارتە زلهێزەی کوردستان لە گەل پارتەکانی دلسۆزی تری کوردستانیش دا چاوێکیان بکەن بە هەزار چاوو وریای کاری ترۆریستانەو مرۆکوژانی بیانی و ئاژاوەکانی داگیرکەرانی کوردستان بن و ئەم ڕۆژگارە بە تەواوی هەلسەنگێنن و دەستی چەپەل و هەستی ترۆریستی داگیرکەرانی کوردستان کار نەکاتە سەر گەلی کوردو ئەم ئارامی و ئاسایشەی کە ئەمڕۆ کە لە کوردستان بەرپا بووە بە گیانی یەکتر گرتن بپارێزری و خوا نەخواستە دوژمنان نەتوانن کا کارێکی وا بکەن کە کوردستانیش وەك باشوری عێراق بکەن بە سەر چاوەی ئاژاوە نانەوەیان، یەکتر نەگرتن و دژایەتی یەکترو هەستی تەسکی حزبایەتی و هۆکارەکانی یەك نەگرتن هەمووی تورِ بدەن و بۆ هەمیشە یەك بگرنەوە و هەموو هەست و بۆچونیك تەنیا بۆ کوردو کوردستان بێت،ئەگەر پارتی و یەکێتی و تەواوی کورد یەك نەگرن و زیاتر وریا نەبن و خۆمان لە یاد بکەینەوەو خەریکی ئەملاو ئەولا بین ئەوا پێم وایە کە دوژمنانمان لە کوردستانیش کار لە کار دەترازێنن و پەشیمانیش دادمان نادات.

2003.8.29